# کابینەی نوێی رژیمی کۆماری ئیسلامی و شەپۆلی تازەی سەرکووتی ژنان

ن: روناك ئاشناگەر

و: سەیران رەحیمی

بەردەوام بوونی تەمەنی نگریسی رژیمی کۆماری ئیسلامی بە پشت بەستن بە ئامرازەکانی گوشاری سەرکووتگەری، ئاستەنگی زۆری بۆ بەشداری ژنان لە تەواوی بوارەکانی کۆمەلگادا پێك هێناوە. ئەگەرچی هەولی ژنان بۆ پێشکەوتنی خۆیان پروسەیەکی ڕوو لە گەشەیان پێواوە، بەڵام ئەم گەشەکردنە یارمەتی‌دەری پێشکەوتنی بارووذۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری ئەوان نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ژنان وەکوو نیویێك لە کۆمەلگا لە بەشداری کردنیان لە ژیانی کۆمەلایەتی‌دا بی‌بەش دەکرێن و ئەو برە دەخالەتگەریەش کە بە درێژایی سالآنێك بە هەول و خەباتی خۆیان بە دەستیان هێنابوو، خەریکە وردە وردە لێیان دەسەندرێتەوە.

لە کاتی سەرۆك کۆماری رەفسەنجانی‌دا کەم تا زۆر و لە کاتی سەرۆك کۆماری خاتەمی‌شدا بە ڕوونی هەول دەدرا گیروگرفت و هەلاواردنەکان لە دژی ژنان تەنیا لە چوارچێوەی کلتووری‌دا زەق بکرێتەوە تاکوو لەم ڕێگایەوە دژی ژن بوونی ئاشکرای رژیم و ئەو هەلاواردنانەی کە لە دژی ژنان بە کردەوە دەردێن تا ڕادەیەك پاساو بکەن و لەم پێناوەدا بۆچوونەکانی فێمێنیزمی ئیسلامی هەولیان دەدا رەنگ و جەلایەکی تازەتر بە رژیم بدەن و سیماو روالەتی سکۆلاریش بە ئیسلامەکەیان ببەخشن. بەرنامەو پلاتفۆرمی بورژوازی ئێران سەبارەت بە مەسەلەی ژنان لە سەر دەورونەقشی ژنان لە چوارچێوەی حقوقی و فەرهەنگی پێداگری دەکردو بەرەوپێش دەچوو وە لەم راستایەدا فورمولگەلێکیشی وەك ئولگووی نوێی بەشداری ژنان لە کۆمەلگا نیشان دەدا، بەلام هیچ کات تەنانەت بە خواستی رۆشنبیرانی ژنیش لە کۆمەلگادا کە بە هێندێك لە مافەکانی خۆیان رازین، نەیتوانیوە وەلام دەرەوە بێت.

یاسا دژی ژنە ئایینیەکان لە کۆمەلگای پیاوسالاری ئێران لە لایەکەوەو زولم و ستەم و چەوساندنەوەی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە لایەکی‌ترەوە، لە گەلٚ ڕێگەچارەکانی لیبرالی و فێمێنیزمی ئیسلامی کە هیچ کات لە ریشە و بنەمای دەرد و ئازارەکانی ژنان ناپرسنەوە، ناتوانی

وەڵام دەرەوە بێت وە ئەمە چارەنووسی ئەو رەوتانەیە کە لە گەل مەعلول شەڕ دەکەن بۆ ئەوەی چاوپۆشی لە عیلەت بکرێ.

ئەم بابەتە واتە دوور کەوتنەوە و خۆپاراستن لە هۆکارەکانی بەردەوام بوونی حەیاتی چەوساندنەوەی ژنان و چاوپۆشی لە پاڵنەرەکانی ماددی و ئابووری ئەم چەوساندنەوەیە کە ژن وەکوو جینسی دووهەم و وەکوو فرۆشیاری هێزی کارەکەی بە چوارمێخە دەکێشێ، وەکوو بازنەیەکە کە تەواوی بۆچوونەکانی بۆرژوازی و لیبرالی پێکەوە پەیوەند دەدات. تەواوی ئەم باڵ و بۆچوونە بۆرژوازیانەی ئێران، چ لە دەسەڵات و چ لە ئۆپۆزسیۆن لە قۆناغەکانی سەرۆك کۆماری رەفسەنجانی و خاتەمی و چ ئێستای ئەحمەدی نژاد ، ئەگەر چی شێوازی جوراوجوریان سەبارەت بە بابەتی ژنان بە کار هێناوە، بەڵام لە روانگەی چینایەتیەوە هەموویان لە بەرەیەکی رانەگەیەندراودان و هەموویان بابەتی ژنان چ بۆ پێشێل کردن و چ بۆ بەرگری کردن، دەیانکەن بە ژنانەو پیاوانە و ژن لە جێگاو شوێنی چینایەتی و کۆمەڵایەتی دوور دەخەنەوە.

لە لایەك هەڵاواردنی جنسی لە دژی ژن نەهادینە و یاسایی بوەتەوە و لە لایەکی‌تریش بەردەوام نەبوونی بەرگری کردنی بزووتنەوەی لیبرالی لە مافەکانی ژنان، دیواری ژنانیان تا رادەیەك لە کۆمەلگای ئێران دا کورت کردوەتەوە کە هەر شتێك لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە سەر کۆمەلگادا بسەپێندرێ، بە خێرایی یەکەم شەپۆلی هێرشەکان ژنان دەگرێتەوە لە بارودۆخێکی ئاوادا گەشەی ژن لە کۆمەلگا، خوێندن، لە کار و لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەی سروشتی نابێتە گەشەی ئەوان لە کۆمەلگادا.

هەر بەم هویەوە کە پاسداران و هێزەکانی ئیتلاعاتی کە لە کابینەی پیاوانەی ئەحمەدی نژاد کۆ کراونەتەوە ئەوئیجازە بە خۆیان دەدەن کە بە ئاشکرا دوژمنی و دژایە خۆیان لە دژی ژنان بە کردەوە دەربێن .ئەم چەند دێری خوارەوە دەرخەری هێندیك لەوکردەوانەیە:

_بەپێی بەخشنامەیەك کە لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ وئیرشادوە دەرکراوە بەشداری ژنان دوای سەعات 6ی دوانیوەروو لە تەواوی ناوەندەکانی کاریوئیداری کە پەیوەندی بەم وزارەتەوە بێت، قەدەغە کرا.

_رژیم له ژێر ناوی تاقی کردنه‌وه‌ی سلامه‌تی کچان وهه‌روها بارهێنانی کۆمه‌لایه‌تی ئه‌وان، له بیری ئه‌وه‌دایه که زیاتر چاوه‌دێریان بکات. به‌و بیانوه‌وه که کچان به‌ر له کاتی ئیزدواج بۆ ئه‌وه‌ی که کرده‌وه‌ی نا شه‌رعی نه‌که‌ن ده‌بێ په‌رده‌ی کچیه‌نیان تاقی بکرێته‌وه.

_به‌رێوه‌به‌ردنی ئیش و کاری رێستورانه‌کان بۆ ژنان قه‌ده‌غه کراوه.

–زۆربه‌ی ئه‌و وبلاگانه‌ی که ژنان ده‌ینووسن و سه‌باره‌ت به بابه‌ته کۆمه‌ڵایه‌تی و حقوقیه‌کانی ژنانه، فیلتر کراون.

_راگه‌یه‌ندراوه که له به‌ر باشتر بوونی ئاستی فه‌رهه‌نگی تماشاوانانی به‌شدار له وه‌رزشگاکان دا، به‌شدارانی ژن له ئێستادیۆمه‌کان ده‌بێ بخرێنه ژێر چاوه‌دێریه‌وه.

_به پێی به‌خشنامه‌یه‌ك که له لایه‌ن موعاونه‌تی فه‌رهه‌نگی زانکۆکان ده‌رکراوه، هاتووه که ده‌بێ هه‌لس و که‌وتی باش و مه‌عنه‌وی و حیجاب و پۆششی ئیسلامی هه‌بێ و ئه‌گه‌ر که‌سێك ئه‌م بابه‌تانه له به‌ر چاو نه‌گرێ به پێی موجازاتی ئیسلامی ره‌فتاریان له گه‌ل ده‌کرێ یان زیندانی ده‌کرێن یان جه‌ریمه‌ی نه‌قدی ده‌کرێن واته پاره‌یه‌کیان لێ ده‌ستێنن و دواتر ئازادیان ده‌که‌ن.

–هه‌ر به‌و جوره‌ی که له مه‌جلیسی حه‌وته‌میش دا دیتمان، ماره‌یی کچان به پێی شوغلی باوکی دوو لایه‌نه‌که واته کچ و کوره‌که دیاری ده‌کرا ئه‌وه به‌و مانایه بوو به ئاشکرا ژنیان وه‌کوو کالایه‌ك سه‌یر ده‌کرد که هه‌ر که‌سێك بیکرێ یان بیفروشێته‌وه....

ئه‌م بابه‌تانه چه‌ند وێنه‌یه‌کن له‌و سه‌خت گیریانه‌ی که له کیسه‌ی کابینه‌ی نوێی ئه‌حمه‌دی نژاد ده‌رژێته ده‌ره‌وه و به کۆمه‌له یاساکانی شه‌رع و کلتووری پیاوسالارانه و دژی ژن له ئێران زیاد ده‌کرێ.

شه‌پۆلی نوێی گوشار و سه‌رکوت له لایه‌ن ده‌وڵه‌تی نوێ وه، یه‌که‌م دژایه‌تی رژیمی مه‌زهه‌بی و سه‌رمایه‌داری کۆماری ئیسلامی له دژی ژنان نییه، به‌ڵکوو ئامانجێکی سیاسی به‌ربلاوتری سه‌باره‌ت به بابه‌ته‌کانی ژنان له پشته. سه‌خت گرتن و پێك هێنانی به‌رته‌سکی زۆرتر بۆ ژنان کۆمه‌ڵێك هه‌وڵی‌تری رژیمه بۆ به‌ده‌سته‌وه‌گرتنی زیاتری هه‌ل و مه‌رجه‌که و به واتایه‌کی‌تر سه‌رکوتی خه‌باتی حه‌ق خوازانه‌ی ژنان، سه‌رکوتی ئازادییه‌سیاسیه‌کان، سه‌رکوتی بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری، بزووتنه‌وه‌ی

نەتەوایەتی و تەواوی بزووتنەوەکانیدیموکراتیک و ئازادی خوازانەی خەلك لە ئامانجەکانی سەرەکی رژیم لە کۆمەلگادایە.هەر بۆیە خەباتی ژنان چ لە دژایەتی لە گەل رژیم دا و چ بە مەبەستی تێکەوە پێچرانی ستەم و نایەکسانی جنسی پەیوەندی بە تەواوی ئەم بزووتنەوانە هەیە.
دوودلیەك لەوەدا نییە کە ژنانی ئێران سەرەرای تەواوی گرفت و کەندوکۆسپەکان کە لە سەر رێگاییان دایە بەم حالەشەوە بۆ بە دەست هێنانی مافە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی خۆیان و هەروەها خەبات لە گەل کلتووری پیاوسالاری زالْ بە سەر کۆمەلگای ئێراندا هەروا خەباتی خۆیان لە بەرانبەر پیاوسالاری، بنیادگەرایی،حیجابی زورەملی و...بەرەو پێش بردووە و ئەم جورە هەلس و کەوتەی ئیستای سەرانی رژیم بۆ ئەوەیە کە لە راستیدا پاشەکشە بکەن و نەهێلن خەباتەکەیان درێژە پێی بدەن.بەلام سەرەرای تەواوی بەلگە پرشنگدارەکانی خەباتی ژنان هەلسووراوانی ئەم بزووتنەوەیە تەنیا کاتێك بزووتنەوەی ژنان نەك خۆی وەك بزووتنەوەیەك، بەلکوو خۆی وەکوو یەکیك لە بزووتنەوەکانیتری دژی رژیم بزانیّ، دەتوانن بزووتنەوەی ژنان پتەوتر و قایمتر بکەن.
پەیوەندی بزووتنەوەی ژنان لە گەل بزووتنەوەی کرێکاری ئامۆژگاریەکی خێر خوازانە نییە، بەلکوو پەیوەندییەکی ئاسایی و چینایەتی و سرووشتیە. ناتوانریّ بە تئوریەکانی فێمێنیزمی ئیسلامی و لیبرالی، لە یەك جیا بکرێنەوە، چوونکە هەر جورە فورمولێك کە بە شێوازی دلْخواز ئەم پەیوەندیە لە بەر چاو نەگریّ لە کردەوەدا هەر دوو بزووتنەوەکە زەربە دەخوات.
خۆراگری لە بەرابەر شەپۆلی نوێی گوشار لە سەر ژنان لە لایەن کابینەی نوێی دەولەتەوە، ئەرکی سەرشانی بزووتنەوەی کرێکاریشە، چوونکە نیوەیەکە لەم چینە وەکوو ژن و وەکوو کرێکاریش، بەردەوام هێرشیان دەکرێتە سەر.
بە هێز کردنی ئەم روانگەو بۆچوونە لە نێو بزووتنەوەی ژنان دا، ئێمە دەخاتە باروودوخێکی باشترەوە بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی خەباتمان.
هەنگاوە قوورس وقایمەکانمان بۆ بن برکردنی هەلاواردن لە دژی ژنان، زۆرتر لە هەر کاتێك لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیدا، دەبیّ لە دەستووری کاری تەواوی لایەنگرانی راستەقینەی نەمانی هەر جورە چەوساندنەوەی جینسی و چینایەتیدا بیّ. ئەم بابەتە گرینگە،

**هەنگاوی یەکەمی پێش شەرتەکانی ئازادی مرۆۋ و کۆمەلگای نوێی شیاوی ژیانی تەواوی ئینسانەکانە.**